**بەناوی خوای بەخشندە و میهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی مادده (56) لە یاسای ژمارە (1)ی سالّی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە (32)ی رۆژی 2008/6/29دا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:**

## یاسای ژمارە(11)ی سالّی 2008

## یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی سالّی2003

## لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**مادەی یەکەم:**

**کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (( ژمارە (3)ی سالّی 2006)) تا، 2010/7/16 درێژدەکرێتەوە.**

**ماددەی دووەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی سێیەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی (2008/7/17)وە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە.**

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

**ـ هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە ـ**

**لەبەر چەند هۆکارێك کە بەردەوامبوونی سەپاندنی حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە پێویست ڕادەگرێت، هەروەهاش بۆ پاراستنی سەروماڵ و موڵك و ئاسودەیی و سەقامگیرییان، ئەم یاسایە تەشریع کرا.**

---

تێبینی : ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 18 ی سالی 2008 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا